**ژنێكی میسری, شانازی بەوەوە دەكات ٢٨ ساڵە لەسلێمانیدا دەژی**

# نەجەفە مەحمود : داوا لە حكومەتی هەرێمو رێكخراوەكانی ژنان دەكەم هاوكاریم بكەن بۆ ئەوەی سەردانی كەسوكارم بكەم لەمیسر

سازدانی / كاوان ئەبوبەكر



هەمیشە دەم بەپێكەنینو ڕووخۆش, گەشبینەو هەرگیز بێهیوا نابێت, لەوكاتەوەی هاتۆتە سلێمانی جلی كوردی لەبەردەكاتو زۆربەی پەندە كوردییەكان دەزانێت, تا شەشەمی سەرەتایی خوێندووە. شانازی بەوەوە دەكات كە ماوەی ٢٨ ساڵە لەسلێمانیدا دەژی, دایكی پێنج كچو كوڕێكە بەناوەكانی "داليا, میدیا, سۆنیا, تانیا, دونیا, دیاری", خاتوو (نەجەفە مەحمود) لەدایك بووی ١٩٥٢ی قاهیرەیەو هاوسەری "حاجی محەمەدی وایەرمەن"ەو لە ساڵی ١٩٧٧ەوە شووی پێكردووە.

## هەموو شتێ قسمەتو نسیبە

نەجەفە خان باس لەیەكەم دیداری دەكات لەگەڵ حاجی محەمەددا, كاتێك حاجی بازرگان بووەو هاتوچۆی میسری كردووە. لەو ڕێیەشەوە ئاشنایەتی لەگەڵ چەند خزمێكی ئەمدا پەیداكردووەو دواتر بەو خزمانەی وتووە كە دەیەوێت ژن بهێنێت, ئەوانیش ماڵی ئەمانیان بۆ دەستنیشانكردوون. كە چەند كچێكیان لەتەمەنی شووكردندایە, كاتێك حاجی محەمەد هاتۆتە خوازبێنی, سامیەی خوشكی بەنیاز بووە شووی پێبكات, چونكە ئەو خوشكەی زۆر حەزی لە هەندەران بووە, بەلاّم

كاتێك سامیه حاجی بینیوه بەدڵی نەبووەو وتویەتی "باڵای بچوكه" من شووی پێناكەم, دواتر خاتوو نەجەفه دەڵێت : "هەرچەندە داواكاریم زۆر كرابوو لەلایەن ئامۆزاو پورزاكانمەوە, بەڵام بەخوشكەكەمم گوت ئەگەر تۆ شووی پێناكەیت من شووی پێدەكەم, چونكه منیش حەزدەكەم برۆم بۆ خاریج  ئینجا سینیەك ساردیم بۆ میوانەكان بردو لەگەڵ حاجیدا یەكتریمان بینی, ئەویش بەبینینی من یەكسەر دڵی چووە سەرمو وتی ئەوەیانم دەوێت, ئیتر قیسمەتو نسیبەكه وابوو كەمن شووی پێبكەم, بەڵام دایكم ڕازی نەبوو, چونكه دەیگوت ئێمه ئەو پیاوه ناناسینو نازانین چاكه یان خراپە, ژنی هەیه یان نییه, منیش وتم قەیناكه دەچم لەگەڵی ئەگەر باش بوو ئەوا هیچو ئەگەر خراپیش بوو ئەوا عێراقیش دەبینمو دەگەڕێمەوە".

## تەلەفزیۆن ڕەشو سپی بوو

دواتر نەجەفەخان باسی ئەوەی كرد كه كاتێك هاتۆتە عێراق ئەحمەد حەسەن بەكر سەرۆكی عێراق بووەو تەلەفزیۆنیش ڕەشو سپی بووە, لەمبارەیەوە خاتوو نەجەفه دەڵێت : "كاتێك گەیشتمه بەغداد خەڵكەكەی بەزمانی عەرەبی قسەیان دەكرد, بەڵام لەسلێمانی زمانەكه گۆڕاو زۆر بەلامەوە سەیر بوو كه هیچی لێتێنەدەگەیشتم, یەكەمجار هەستم به غەریبیدەكرد, دواتر ئاسایی بوو بەلامەوە, ئەو كات وەك ئێستا نەبوو تەلەفزیۆن ڕەشو سپی بوو, ژن لەسەر تەلەفزیۆن دەرنەدەكەوت, عومەر چاوشین له تەمسیلەكاندا خۆی دەكرد به ژن, بەڕاستی خۆشیو ناخۆشی خۆی هەبوو, لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو نەمدەزانی بەكوردی قسەبكەمو تێشنەدەگەیشتم, بۆ ئەمەش به حاجیم وت فێری كوردیم بكات, ئەویش وتی باشه بەڵام ئەترسم لەگەڵ ماڵی ژنەكەی ترمدا تووشی كێشەو شەڕ بیت".

## یەك معەسكەر منداڵ

له درێژەی قسەكانیدا خاتوو نەجەفه باسی چوونه ناو ماڵی حاجی دەكات كه ئەوەی ئەم بینیوویيەتی هەرگیز چاوەڕوانینەكردووە, نەجەفەخان دەڵێت : "كه هاتمه ماڵی حاجی بینیم ماڵێكی قەرەباڵغەو ژنو منداڵو پیاوی زلو قاوقیژێكه مەپرسه! لەتاواندا بووم به مقەبا هیچم بۆ نەدەكراو نەدەوترا, قیروسیا لەوەش كه چوومه ژوورەوە یەك معەسكەر منداڵم بینی, كاك عومەر كه كوڕی حاجی بوو هاته لامو بەعەرەبی پێی وتم (مەترسه باوكم زۆر فەقیره) لەناو هەموویاندا تەنها عومەر ڕووی خۆشبوو لەگەڵمدا, دواتر حاجی كەزانی ڕەنگم تێكچووە بۆ پاساو هێنانەوەو دڵنەوایی من وتی ئەوە كوڕی منەوئەوەیان هی من نییەو .., دوای حەوت مانگ

زانیم کە هەموو منداڵەکان منداڵی حاجی بوون, دواتر بۆ ماوەی دوو مانگ نەخۆش کەوتمو تا لەدوایدا بە دوعایەکی خوشکەکەی حاجی چاك بوومەوە", پاشان خاتوو نەجەفە باس لە سووربوونی خۆی لەسەر فێربوونی زمانی کوردی دەکات, لەمبارەیەوە دەڵێت : "زۆرم لەحاجی دەکرد کە فێری کوردیم بکات, بۆ ئەم مەبەستەش حاجی درێغی نەدەکرد, دواتر بەدەفتەرو قەڵەم هەرچۆنێك بوو خۆم فێرکرد, چونکە پێشتر وامدەزانی کە هەر قسەیەك دەکەن قسەی خراپەو بەرامبەر من دەکرێت. هەربۆیە لەماوەیەکی کەمدا هەموو جنێوەکان فێربووم, تا وای لێهاتبوو (بەپێکەنینەوە)کە دەیانوت وەرە نان بخۆ دەمگوت خۆت وەرە نان بخۆ, دواتر بەهۆی کێشەی ئاسایی خێزانییەوە ناچاربووم بە حاجی بڵێم ماڵم بۆ جیابکاتەوە ئەویش ڕازیبوو, منی بردە هەمان خانوو, بەڵام قاتی سەرەوەو وردە وردە سەلاجەو کەلوپەلی ناوماڵی بۆ کڕیم, بۆ ماوەی ١١ ساڵ بەمشێوەیە بووین, لەگەڵ ئەو جیابوونەوەیەشدا جار جار کێشەو دەمە قاڵییمان لەگەڵ خوارەوە کە ژنەکەی تری حاجی تیابوو دەبوو", خاتوو نەجەفە بە هەناسەیەکی ساردەوە ئاماژەی بەوەدا کە بەهیچ شێوەیەك حەزی لەکێشە نەبووە, بەڵام ناچار بووە وەڵامیان بداتەوە, ئەو باسی ئەوەشی کرد کەتەنها میدیای کچی دەچووە خوارەوەو زۆریان خۆشویستووە, هەروەها لەماوەی ئەو ١١ ساڵەشدا جار هەبووە نێوانیان خۆش بووە لەگەڵ یەکتریدا نانیان خواردووە.

## دەنگو باسی کەسوکاری لە میسر

بەدڵێکی پڕخەمو چاوی فرمێسکەوە نەجەفەخان باسی کەسوکاری خۆی کرد لەمیسر. کە ئێستا هەواڵیان نازانێو ئاگادارییان نییە, تەنها ئەوە نەبێت کە لەسەرەتایی هەشتاکاندا بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە سەردانی میسری کردۆتەوەو لەدوای ئەوەش تا ئەو کاتەی پۆستە هەبووە لەنێوان عێراقو وڵاتانی تردا ئەم نامەی بۆ ناردوونو وەڵامیشی وەرگرتۆتەوە, ئەوکاتەی کە براکەشی لەشاری نەجەف بووە سەبوورییەك بووە بۆ ئەمو دڵی پێخۆشبووە کە برایەکی لێوە نزیکە, بەڵام لەکاتی جەنگی کەنداودا دەسەڵاتدارانی عێراق داوا لەمیسرییەکانی دانیشتووی عێراق دەکەن بەشداری شەڕ بکەن, ئەو برایەشی ڕازی نابێتو دەڕواتەوە بۆ میسر, لەمبارەیەوە نەجەفە خان وتی : "براکەم لە نەجەف موڵكوماڵو کارگەی ئەلەمنیۆمی خۆی هەبوو, بەڵام لەبەرئەوەی ڕازی نەبوو شەڕ بۆ سەدام بکات, ڕژێمی بەعس دەریانکردو دەستیشیان گرت بەسەر هەموو موڵكوماڵو

سـامانەکەیدا, ئێسـتاش ئـەو شـەوەم بیرناچـێتەوە "بەگریانـەوە" کـە بۆبـەیانی دەڕۆشتەوەو تەنانەت پارەی کرێی سەیارەکەی پێنەبوو من ٦٠ دینارم بەزۆر دایە, لەناوەراستی نـەوەدەکانیش چـەند جارێـك بـەهۆی کـاك عەبـدوڵڵای عـەلی بـرزوی قەسابەوە کە حەمەی کوڕی لەئەڵمانیا بوو نامەم دەنووسی بۆ میسرو ئەویش لە ئـەڵمانیاوە پۆسـتی دەکـردو یـەکجاریش وەڵامـی ئـەوانی بـۆ هێنامـەوە کـە مـن زۆر سوپاسیان دەکەم".

## خەڵکی سلێمانی شازە

لەوەڵامی ئەو پرسیارەمان کە ئایا پەیوەندی لەگەڵ خـەڵکی سلێمانیدا چۆن بووەو ئایـا ئێسـتا خـۆی بـە غـەریب دەزانێـت ؟ خـاتوو نەجەفـە وتـی : "خـەڵکی سـلێمانی شـازەو زۆر رێزیـان لێگرتـوومو زۆر بـاش بـوون لەگەڵمـدا, مـن خۆشـم پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانم باش بوونو بەدەنگ دراوسێو هاوڕێو خزمو دۆستەکانەوە بووم لە خۆشیو ناخۆشیدا لەگەڵیان بووم, ئێستا هیچ خۆم بەغەریب نازانمو هەستدەکەم ژنێکی ئەمشارەم, زۆر شارەزای شاریشمو هەموو شەقامو کۆڵانەکان دەزانم".

## نانکردن بۆ پێشمەرگە

لەبەرامبەر ئەو رێزو خۆشەویستییەی کە خەڵکیسلێمانی بۆی هەبووە. نەجەفەخان ویستویەتی چاکەیان بداتەوە, ئەو پێشتر شەڕو ئاژاوەو تەقەی نەبیستووە, بەڵام کـاتی ڕاپەڕینەکـەی بـەهاری ١٩٩١ بـۆ یەکـەمجار شـەڕو کوشـتاری بەچـاوی خـۆی بینیوە, لـەبارەی ڕاپەڕینەکـەی شـاری سـلێمانی کـە ماڵەکـەیان لـەلای ئەمنەسورکەوە نزیك بووە. نەجەفەخان دەیگێڕێتەوە : "کاتێك پێشمەرگە هاتنـە سـەر ئەمنەسوورکە ئێمـە بـەهۆی نزیکـی ماڵەکـەمان لـەو شـوێنەوە پێشـمەرگەکانم حەشـار دەداو لەماڵیخۆمانـدا خزمـەتمان دەکـردن, دواتـر لەگـەڵ نەسـرین خـانی دراوسـێمانو کۆمـەڵێك ژنـی تـر چـەند سـاجو پـەرەمێزێکمان پەیـداکردو بـە ماڵانـدا دەگـەڕاین بـۆ کۆکردنەوەی ئارد, لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە فرەی پەرەمێزمان دەهاتو نانمان بۆ پێشمەرگەکانو خەڵکی راپەڕیویی شـاری سـلێمانیدەکرد, بۆ ئێوارەکەشـی کـە ئەمـە بـــۆ یادگـــاری دەگێڕمـــەوە هـــەموو دەموچـــاومان رەش بـــوو بـــوو یـــەکتریمان نەدەناسییەوە".

## الحرية لاتشتري بالذهب

سەبارەت بەوەی کە ئایا تائێستا ئیسقات جنسیەی کردووە یان نا, خاتوو نەجەفە وتی : "سەربەرزییە بۆ من کە ببم بە کورد, بەڵام کاتی خۆی سەدام ویستی ئیسقات

جنسيه بۆ ميسرييەكان بكات, لەبەرامبەريشدا سەيارەى سۆپەرو زەوى‌و تەلەفۆن‌و چەند ئيمتيازاتێكى تر دەداتە ئەو ميسرييەى دەبێتە عێراقى, بەڵام مەرجێكى دانا بوو كە دەبێت ببنە بەعسى‌و كاريش بۆ ئەو حيزبەبكەن, منيش رازى نەبووم‌و زۆر ترسام‌و وتم نەخوێندەوارم, بۆ جارى دووەميش هەر بانگيان كردمەوەو كۆمەڵێك شتى تريان خستە بەردەمم, بەڵام هەرِرازى نەبووم‌و وتم (الحرية لاتشتري بالذهب)".

## تكايە هاوكاريم بكەن‌و خەونەكەم بێننە دى

لە كۆتايى قسەكانيدا نەجەفەخان وتى : "شانازى بەوەوە دەكەم كە خەڵكى ميسرم, لەهەمان كاتدا زۆر بەختەوەرم‌و زۆر شانازيش دەكەم كە ماوەى ٢٨ ساڵە لەگەڵ كورددا ژيان بەسەر دەبەم, من تەنها يەك خەون‌و ئاواتم هەيە ئەويش سەردانێكى كەسوكارەكەمە لەميسر, بەڵام ئێستا بەهۆى ئەوەى كاتى خۆى حاجى دوو كوڕى پێشمەرگە بوون حيزبى بەعس پارەو موڵكێكى زۆريان لێسەندو هێنايانە سەر ساجى عەلى, ئێستاش حاجى لەتەمەندايەو تواناى كاركردنى نەماوەو كەسيش نييە ئيشمان بۆ بكات. ئەو منداڵانەى لەگەڵيشمدا ماون خوێندكارن, بۆيە داواكارم لە حكومەتى هەرێمى كوردستان‌و يەكێتى ژنان‌و هەموو رێكخراوە مەدەنى‌و مرۆڤ دۆستەكان هاوكاريم بكەن‌و ئەو خەونەم بۆ بێننە دى‌و بتوانم كەسوكارم ببينمەوە كەئێستا هيچ هەواڵێكيان نازانم, من تازە ناتوانم لە ميسر بژيم‌و لەگەڵ ژيان‌و كەلتوورى ئێرە ڕاهاتووم‌و منداڵەكانم لێرە خوێندكارن‌و ناتوانم ئێرە بۆ هەميشەيى بەجێبهێڵم, واتە ئەمەويت بڵێم چوونەوەى من بۆ ميسر تەنها بۆ بينينى كەسوكارمەو بۆ هەميشەيى نييە, پێشم عەيبە بە شەخسى بچمەلاى لێپرسراوان‌و داواى يارمەتييان لێبكەم, حەز دەكەم‌و سوپاسيان دەكەم, ئەگەر يەكێتى ژنان كارێكم بۆ بكات, داوا لەحكومەتى هەرێمى كوردستانيش دەكەم هەر هيچ نەبێت حسابى ئەسيرم بۆ بكات‌و تەنها جارێك هاوكارى گەڕانەوەم بۆ ميسر بكات".